وەزیری ناوخۆ دەرکردنی 153 ئەفسەر لە خزمەتکردن ڕاگەیاند

ئەمە سەشەمە، وەزیری ناوخۆ، عەبدولئەمیر شەمەری، دەرکردنی 153 ئەفسەر و 899 ئەندامی لەخزمەتکردن ڕاگەیاند، هاوکات کارکانی پشتڕاستکردەوە بە کۆتاییهێنان بە مامەڵەکردن لەگەڵ ناسنامەی کاغەزی و ڤیزای ئەلیکترۆنی ڕاستەوخۆ بە بیانییەکان بەم زووانە.

شەمەری لە دیدارێکیدا لەگەڵ بەڕێوەبەرانی کۆنسوڵ ئاسمانیەکان و بە ئامادەبوونی سەرکی دەستەیەڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و سەرکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی عێراق ڕایگەیاند: 153 ئەفسەر و899 ئەندام بە بەیاری دادگای هەزکانی ئاسایشی ناوخۆ لە ساڵی 2023 دەرکراون“.

ئاماژەی بەوەشکرد" کە33 ملیۆن و 200 هەزار عێراقی ناویان تۆمارکردووە و کارتی نیشتمانییانوێرگرتووە، وجەختیشیکردەوە، "کاردەکەین بە ئەوەی لە ساڵی 2025دا کۆتایی بە مامەڵەکردن بەناسنامەی کاغەز بهێنین، هەروەها ڤیزەی ئەلیکترۆنی بە بیانییەکانیش بەم نزیکانە جێبەجێدەکرێت".

شەمەری لە درێژەی قسەکانیدا وتی: "بەم زووانە ڕادارە خێراکان بە ڕێگای خێرای یوسفیە، ڕێگایخێرای ئەلدەرا - بەغدای نوێ، و ڕێگای خێرای ئەلشوالە دەبەسترێتەوە"، ئاماژەی بەوەشکرد کەئێوتاقیکردنەوەی پێنج گۆپی زیرەکی هاتوچۆ لە بەغدا بە تەواوی لەگەڵ کەرخ و روسافا دەبێت.

هەروەها ڕاگەیاند" بەرگری شارستانی لەماوەی ئەمساڵدا دەستیکردووە بە دروستکردنی 100

ناوەندیبەرگری شارستانی و زیاتر لە 130 بزوێنەری ئاگرکوژێنەوەی، وناوەندێکی مەشق و ڕاهێنانمان بەبەرگری نیشتمانی دامەزراندووە".

جەختیشی کردەوە کە لە 98%ی قاچاخچێتی نەوت و وەرگیراوەکانی نەوت نەهێراوە، هەروەهاسندوقێک دامەزراوە و پەرەپێدانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخە لەگەڵی ڕسومات و هاوردەکردنەوەدەستپێ دەکرێت، ئاماژەی بەوەشکرد، "37 هەزار پۆلیس گرەبەستیان لەگەڵ کراوە بە مووچەی 500 هەزار دینار بە ماوەی 3 ساڵ لە ماوەی ساڵی 2023دا."